# هێزەکانی ئاسایش بڵاوە بەخۆپیشاندانێکی گەنجانی هەولێر دەکەن

PUKmediaجەمال هەمەوەندی



ژمارەیەك گەنجی هەولێر لەدژی گەندەڵی و بێکاری و نەبوونی ئاو و کارەبا ڕێزنەگرتن لەمافەکانی هاوڵاتیان خۆپیشاندانێك ڕێکدەخەن و هێزەکانی ئاسایش بەبەکارهێنانی هێز بڵاوەیان پێدەکەن.

پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ 11/19 لە بەردەم چایخانەی مەچکۆ لە هەولێر، 60 تا 70 گەنج کۆبوونەوە بۆ ئەنجام دانی خۆپیشاندانێك بە گوێرەی ئەو بەیاننامەیەی بڵاویان کردبۆوە، بەڵام هێزی ئاسایشی ناوخۆ بە زەبروزەنگ کۆتاییان بە سەرەتای خۆپیشاندانەکە هێنا. سەرەتا خۆپیشاندەران ویستیان ڕێپێوانێك ڕێکبخەن بەرەو بازاڕی سیروان و لەوێشەوە بۆ بینای پارێزگای هەولێر، کە قەرەباڵغی شار دەکەوێتە ئەم شوێنەوە، بەڵام دەست بەجێ هێزەکانی ئاسایش بەتەقەکردنەوە گەمارۆی قەرەباڵغییەکەیاندا و کەوتنە لێدانی چەند گەنجێك بۆبڵاوەپێکردنیان، پاشان 3 کەس لە خۆپیشاندەران دەستگیر کران لە لایەن دەزگاکانی ئاسایشەوە بۆ لێکۆڵینەوە کەیەکێکیان ناوی (هیوا) یە.
شایانی باسە دوو ڕۆژ لە مەو بەر ڕۆژنامەی (هاوڵاتی) هەواڵی ئەم خۆپیشاندانەی بڵاو کردبوەوە، پارێزگای هەولێریش ڕەزامەندیی نیشان نەدابوو بۆ ئەم خۆپیشاندانە.

تێبینی/ئەو وێنەیەی دەستەکەی تێدا دەرکەوتوە ئەوە دەستی کارمەندێکی هێزەکانی ئاسایشە کە نەیاندەهێشت ڕۆژنامەنووسان وێنە بگرن.